رۆشنبیری گشتی



نووسینی : ئەلبێرتۆ مۆراڤیا[1]

•

وەرگێڕانی لە ئیتالی‌یەوە

«یاسینی فەقێ سەعی»

•

# ئەدەبی جیهانی

چەند ساڵێك لەمەوبەر سەفەرێکم بۆ یەکێتی سۆڤیەت کردو هەتا شاری (ئیرکوتسك[2])ی خوارووی سبیریا چووم . لەوێ نووسەرێکی گەلی ناودارم ناسی کە ناوی (ڕاسپوتین[3])بوو ، نووسەری چەندین ڕۆمانو شاکاری ئەدەبی بوو . پاش ئەوەی گفتوگۆیەکی دوور ودرێژمان لەسەر ئەدەبکرد ، لە کۆتایی دا لیێ پرسیم کە بڕوام بەچی هەیە ، لەوانەیە مەبەستی ئەوە بووبێ بزانێ بڕوام بە مارکیزم هەیە ، یان لە گەلێ «دین»دا بەینم چۆنە ، منیش دەمو دەست بێ‌وەستانو دوودڵی ووتم :

– تەنیا شتێك کە بڕوام پێ‌یەتی «ئەدەب»ە .
– تەنیا ئەدەب . .
– بەڵێ تەنیا ئەدەب . .
– بەلام بۆ بە تایبەتی ئەدەب . . ؟
– لەبەر ئەوەی لە ئەدەبدا هەموو شتێكو پێچەوانەی هەموو شتێکیش هەیە . . ئێستا پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر ئەو گفتوگۆیەدا ، داوام لێ‌دەکرێ چەند شتێك دەربارەی «ئەدەبی جیهانی» یان «جیهانێتی ئەدەب» دەرببڕم ، منیش لە دوبارە کردنەوەی ئەو ووشانە زیاتر هیچی دیکە بە پێویست نازانم ، گەرچی بە چەند ووشەیەکی دیکەش بێ .

ئەدەب بە پێ‌ی سروشتی خۆی جیهانی‌یە ، ئەمەش بە تەنها لەبەر ئەو ناوەڕۆکانە نی‌یە کە هەیەتیو پەیوەندی بە سەرتاپای مرۆڤایەتی‌یەوە هەیە ، بگرە لە سەرروو هەموویانەوە لەبەر ئەوەیە کە ئەدەب بەرهەمێکی «نووسراوە»یە .

دەمەوێ لە گەلێ ئەم ڕایەمدا بڵێم‌چی ؟ مەبەستی سەرەکیم لەوەیە کە ئەدەب بە شێوەیەکی گشتی ، سەرەرای جیاوازی نێوان بەرهەمێكو بەرهەمێکی دیکە ، لە یەك خاڵدا هاوشێوەو چوون‌یەکە ، ئەو خاڵەش ئەوەیە کە هەر هەموویان دەتوانن «خەون»بنو ببوێتنە «سیمبۆل – ڕەمز» .

کاتێ لاپەڕەیەکی نووسراو دەخوێنینەوە ، ئیتر بە هەر چ زمانێ بێت ، هەر لە فەرەنسی تا (بامبەری)[٤] هەر لە ئینگلیزی تا (پۆلینێزی)[٥] هەر لە ئیتالی تا (زڤاهیلی)[٦] ، ئاگاداری شتێك دەبین ، ئەمەش ئەوەیە کە پێی دەڵێین خەون ، ئەم لاپەڕە نووسراوەش لەوەوە هاتووە هێندێ هێندێ خەونەکە چۆن بینراوە نووسراوەتەوە ئەمڕۆ «خەونی ئەدەب» لە ژیانی میللەتاندا ، وەك خەونی ڕاستی لە ژیانی تاکە کەس‌دا ، بە هەمان دەوری ڕزگاریخوازی‌یەوە ، دەیەوێ چارەسەری کێشەکان بکات تاکە کەسەکان لە ژیان‌دا خەون بۆ خودی خۆیان دەبینن ، بەڵام نووسەران خەون بۆ کەسانی دیکە دەبینن .

بەرهەمی ئەدەبی بەوە دەناسرێتەوە کە (ئەدەبی)بێت ، لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین چ بەرهەمێك ئەدەبی‌یەو چ بەرهەمێك ئەدەبی نی‌یە . هەموو بەرهەمێك ئەدەبی‌یە گەر بریتی بێت لە یاری‌پی‌کردنی ووشەکان (مەبەست لە شارەزایی‌یە لە چۆنێتی بەکارهێنانو مامەڵەکردن لە تەك زمان‌دا – وەرگێڕ) .

پێویستە دێڕەکان مانایەکی وابەخشن کە خوێنەر درك بەوە بکات ، نووسەر تەنها نانووسێت بگرە یاریش بە نووسینەوە دەکات . ئەم کۆتایی‌یە پڕ لە دیمەنە تایبەتی‌یەی کە لەلای خوێنەر دروست دەبێت ، ئەدەب دەگەیەنێتە بڵندترین ئاستو پڕماناترین ناونیشان وەردەگرێ .

ئەدەب ئەو پێویستی‌یەیە کە ناو بە شتەکان ببەخشێو لە تەك خۆشی‌یەکی تەواودا ئەو ناوانە بدرکێنێو بیگەیەنێتە جەماوەر .

**یاسینی فەقێ سەعی**

**ئیتالیا – ١٩٨٧**

**تێبینیو پەراوێزەکان :**

«ئەدەبی جیهانی» ناونیشانی بەرهەمێکی مێژوویی‌و ئەنتۆلۆژی ئەدەبی‌یە ، لە ئیتالیا لە سەرەتای مانگی ئەپریل – نیسان – ی ئەمساڵدا کەوتە بازاڕەوە «لویجی سانتوچی» ئامادەی کردووەو دەزگای «FABBRI EDITORI» چاپی کردووەو بڵاوی دەکاتەوە . چەندین نووسەرو ڕەخنەگرو مێژوونووسی ئەدەبی بەشداری تێدا کردووە . ئەم ووتارەی لێرەدا کردومانە بە کوردی نووسەر بە تایبەتی بۆ ئەم بەرهەمەی نووسیووە . سەرجەمی ئەم بەرهەمە (١٣) بەرگەو لە دوتوێی (١٧٩) زنجیرەی هەفتانەدا دەردەچێ ، هەر زنجیرەیەك نزیکەی (٢٠ تا ٣٠) لاپەڕەی قەوارە (22 × 29) سانتمەترە . ئەمە یەکەمین بەرهەمە کە لەتەك مێژووی ئەدەبی ئەو میللەتانەدا ئەنتۆلۆژی‌یەکی دەوڵەمەندیش بکرێت بە ئیتالی‌و بڵاو بکرێتەوە . لەو (١٣) بەرگەدا ئەدەبی ئەم میللەتانەی تێدایە «فەرەنسی ، بەلجیکی ، ڕووسی ، دەوڵەتانی ئەسکەندەناڤی ، ئینگلیزی ، ئەمەریکای سەروو ، ئەڵمانی ، هۆڵەندی ، پۆڵۆنی ، هەنغاری ، چیکی ، سلۆڤاکی ، وولاتانی خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ، ئیسپانی ، پورتوغالی ، بەرازیلی ، ئیتالی .» بەو هیوایەوەی لە لایەك خوێنەر کەڵك لەم هەواڵە وەربگرێو لە لایەکی دیکەوە نووسەرانمان هێندە گرنگی بە ئەدەبەکەمان بدەن هەتا ڕۆژێ لە ڕۆژان ناوی «ئەدەبی کوردی»ش بکەوێتە ئەم باوەشە گرنگەوە ، من لە لای خۆمەوە وەك پروسکەیەك ئەم ووتارە کورتە بالأیەم کردە کوردی‌و پێشکەش خوێنەرانی دەکەم .

(١) Alberto Moravia – ئەلبێرتۆ مۆراڤیا) ساڵی ١٩٠٧ لە ڕۆما لە دایك‌بووە . نووسەری هەرە ناوداری ئیتالیایە . هەتا تەمەنی (٢٠) ساڵی لەبەر نەخۆشی‌یەکی سەخت لە جێدا کەوتووەو نەیتوانیووە بزوێ ، ئەم قۆناغەی تەمەنی تەرخانی ئەدەب کردبوو ، بۆیە پاش چاك بوونەوەی لە ساڵی ١٩٢٩دا یەکەمین ڕۆمانی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی «لە یەك چووەکان» هەر لەو ساتەوە توانای بەهرەی ئەدەبی تێدا بینراوەو هەتا ئەمڕۆ لەو بوارەدا چەندین شاکاری هێناوەتە بەرهەم . . هەندێ لە ڕۆمانەکانی ئەمانەن :

« ئارەزووە هەڵەکان ١٩٣٥ » ، « ماسك پۆشەکان – قناع پۆشەکان ١٩٤١ (لە سەر ئەم بەرهەمە فاشی‌یەکان گرتیانو لە بەندیخانە توندیان‌کرد) » ، « خەونەکانی تەمەڵێك ١٩٤٠ » ، « ١٩٣٤ ڕۆمانێکە ساڵی ١٩٨٢ بە چاپی‌گەیاند » ، « سەر بە چ هۆزێکیت ؟ ١٩٧٢ » ، « نامەکان لە سەهارەوە ١٩٨١ » ، ئەمانەو گەلێ بەرهەمی شانۆیی‌و ئەدەبی دیکە .

(٢) Irkutsk – ئیرکوتسك) شارێکی کۆماری ڕووسیای یەکێتی سۆڤیەتە ، دەکەوێتە خوارووی ناوچەی سیبیرباوە ، (٥٥٠٠٠٠) هەزار دانیشتوانی هەیە شارێکی پیشەسازی‌و کشتوکاڵی گرنگە .

(٣) Rasputin Valentin G. – ڕاسپوتین ڤالێنتین گریگۆری ڤیچ) نووسەرێکی سۆڤیەتی‌یە ، ساڵی ١٩٣٧ لە شاری «ئیرکوتسك» لە دایك‌بووە . ئەمڕۆ بە یەکێ لە نووسەرە ناودارەکانی سۆڤیەت دادەنرێت . زیاد لە چەند جارێك بەرزترین خەڵاتی ئەرەڤەندێتی سۆڤیەتی وەرگرتووە ، نووسەر دەیەها ڕۆمانو چیرۆكو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی‌یە . یەکێکە لە هەرە بە ناوبانگەکانی «ئەدەبی لادێ» لە سۆڤیەتا .

(٤) Bambara – بامبەری) زمانێکی تایبەتی‌یە ، چەند تیرەو هۆزێکی ئەفەریقی قسەی پێ دەکەن لە ناوچەکانی نێوان سەنیگالیاو نێجیریادا .

(٥) **Polinesiano** – پۆلینێزی) زمانێکە دوورگەکانی پۆلینیزیا قسەی پێ دەکەن ، وەك : «تایتی ، هاوای ، گامبێر ، مارکێزی ، تۆنگا» ئەم دوورگانە دەکەونە ناوچەی ئیستیوانی نێو ئۆقیانووسی هێمنەوە بۆ ماوەیەکی زۆر ئەم دوورگانە لە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسەدا بوون .

(٦) (Svahili – زڤاهیلی ) شێوە زمانێکی تایبەتی‌یە ، کۆمەڵێ دوورگەی نزیك بە دانیمارك قسەی پێ دەکەن . (– هێنانەوەی ناوی ئەم زمانانە لەلایەن (مۆراڤیا)وە دەیەوێ ئەوە دەربڕێ ، کە بۆ ئەدەب گەورەیی‌و گچکەیی زمان مەرج نی‌یە ، گرنگ ئەوەیە ئەو زمانە بەرهەمی ئەدەبی پێ بنووسرێتەوە و لە ووشەدا دەوڵەمەندبێ . بۆ ئەم زانیاریانە کەڵکم لە (Grande Enciclopedia)ی دەزگای جوغرافی (De Agostini) وەرگرتووە – وەرگێڕ) .